# یادێك لە خۆپیشاندانەكەی هەولێر و بیرەوەریەكانم.

تامان شاكر

ئەلمانیا

دەمێكە دەمەوێت باسی ئەو خۆپیشاندانەو هەڵوێستسی ئەو خوێندكارانە بكەم، كە لە خۆپیشاندانەكەی هەولێری ساڵی 1982 بەشداریان كرد بوو، بەداخەوە ئەمرۆ كەس باسی ناكات و.كەس یادێك لە شەهید(سەفاء سدیق)*خوێندكاری كۆلێجی زانیاری ناكاتەوە كە لەم ڕۆژەدا لەسەر شانی هاوڕێكانی بەدەم هاواری بڕوخی سەدام گیانی لە دەستدا.

خۆپیشاندانەكەی خوێندكارانی زانكۆی سەلاحەدین زۆر هۆكاری هەبوو:

1ـ گواستنەوەی زانكۆی سلێمانی بۆ هەولێر.

2ـ خراپی بارو دۆخی ئەوسای كوردستان بە گشتی و خوێندكاران بە تایبەتی،جیاكردنەوەی كۆلێژەكان لە یەكتری و پەرت و بلأوكردنەوەی خوێندكاران.

3 ـ هاتنی ئەو هەموو خوێندكارەش بۆ شاری هەولێر دیاریدەیەكی نامۆ بوو،چونكە خەڵكی هەولێر لەگەڵ ئەم بارو دۆخەی خوێندكاران ڕانەهاتبوون،بەشە ناوخۆیەكانیش هەمووی خانووی بچووكی ماڵان بوون و هەریەكە لەگەڕەكێك و لە شوێنێك بوون.ئەمەش ژیانی خوێندكارانی ئەوەندەی تر زەحمەت كردبوو سەرەڕایی ئەو هەموو هەڕەشانەی كە لە خوێندكاران دەكرا بەتاوانی ئەوەی كە دژی ڕژێمن یان كەس وكاری پێشمەرگەن.

4ـ قادسیە بەد ناوەكەی سەدام و ئەو هەموو تاوانانەی لە قەسابخانەكانی موسڵ و بەغداو ئەبوغریب دەكران بەرامبەر بە كورد،ئەوەندەی تر زەمینەی خۆپیشاندنی ساز كردبوو. بەرەبەرە لە ناو ئەو خوێندكارانەی كە متمانەیان بەیەك هەبوو بیرۆكەی خۆپیشاندان كەوتە بەر باس و لێكۆڵینەوە،هەوڵی ئەوە دەدرا زۆرترین ڕێژەی خوێندكاران بەشداری بكەن بەڵام ئەمە كارێكی زەحمەت بوو،ترسی ئەوە هەبوو پلانەكە ئاشكرا بێت،بەر لە خۆپێشاندانەكە هەموو دەستگیربكرێن.منیش كە خوێندكاری بەشی زمانی كوردی بووم چەند جارێكیش لە لایەن ئەمنی زانكوەبانگ كرابووم بۆیە،كە ئاگاداریان كردمەوە،بەبێ هیچ دوو دڵیەك وتم ئامادەم،لە ڕاستیدا من هیچم نەبوو بیدۆڕێنم باوكم و دوو براو كەس و كارم گشتی پێشمەرگە بوون و بەداخەوە دواتر برایەكم بێ سەرو شوێن بوو ئێستاش لاشەكەی نەدۆزراوەتەوە،خۆشم هەژارترین خوێندكاری ئەو بەشە بووم،من لە هەموو كەس زیاتر حەزم بە مەرگی دیكتاتۆر دەكرد.

بریاردرا دوانیوەڕۆی ڕۆژی1982/5/2 لە ناوەڕاستی شاری هەولێر لە دەورو بەری قەلا ئامادەبین لەسەرەتاوە ئاگاداریان كردینەوە هەر كەس پەژیوان دەبێتەوە ئارەزووی خۆیەتی بەڵام دەبێت هەموو حیسابێك بۆ خۆتان بكەن.لەكاتژمێر چوار بەدواوەهەولێری واتەنی بەرەو بن قەراتێ بەری كەوتین بەڵام من هەستم كرد شار شڵەژانی پێوە دیارە، بەڵام لەم ڕۆژەدا هیچ شتێك بەلامەوە گرنگ نەبوو.دوایی ماوەیەكی كورت دەنگی بروخێ

سەدام بەرز بووە و لە هەمان کاتدا دەنگی تەقە هات بە داخەوە دواتر زانیم کە (صفاءصديق) شەهید بووە ئیتر گرتن و ڕاونان دەستی پێکرد، ئەوەی توانی دەرچێت دەرچوو هەندێك لە ناو دوکانەکان خۆیان شاردبۆوە بەڵام دوایی دەستگیرکران ئەوانی تر هەموو ڕاپێچ کراین بۆ(بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر.منیان تا ناو ماشینەکە بە قژ ڕاکێشا و چاویان بەستمەوە ئەوەندە پەشۆکابووم هەستم بە ئازارەکانی پشتم نەدەکرد ئیتر نازانم ئەوانەی لە ناو ماشینەکە بوون کێ بوون تا ئەو کاتەش هەر هەستمان بەوە نەدەکرد چ کێشەیەکمان ناوەتەوە،و ئەو خۆپیشاندانەمان بە مافی ڕەوایی خۆمان دەزانی .لە حەوشەی دائیرەی ئەمن چاویان کردینەوەو ژمارەیەکی زۆری خوێندکار و خەڵکی تریشی تیا بوو دواتر وردە وردە دابەش کراین و ئێمە واتە( 4 )* کچ بردنیانین بۆ ژوورێك، ژوور چ ژوور تەنها زەویەکی ڕەق و دەرگایەکی ئاسنیی گەورەی هەبوو،شەو داهات و هێمنیەك باڵی بەسەر هەموو شتێك کێشا بوو تا بوو بە نیوە شەو لە پر دەنگی هاوارو لێدان شەوی هێنابووە لەرزین دەنگەکانیش تێکەل بوون لە دەنگی ژن و پیاو،هاوارەکان لە هێمنی شەودا سەدایان دەدایەوە کەسمان نەمان توانی بۆ چرکەیەك چاو لێك بنێین بیرمان لەوە دەکردەوە کەی نۆرەی ئێمەش دێت ئەگەر لێاندایین چی بکەین، هاوار بکەین یان نا؟ کچێکی خەڵکی ڕانیەمان لەگەل بوو ئەو پێی وابوو دەبێت هاوار بکەین،چونکە نارحەتی دەروونی بۆ ئەمنەکان دروست دەکەین بۆیە بڕیارماندا هەموومان بە یەکەوە هاوار بکەین،بەڵام ئەم شەوە ئێمە سەلامەت دەرچووین. بەیانی لە پڕ دەرگاکە کرایەوە یەك یەك بردیانین بۆ سەر ئاو بە جنێو قسەی ناشیرین، سەر ئاوی چی دەرگاکە نیوەی بە تاڵ بوو ئەمنێکیش وەستابوو بە دیارتەوە هەر پەلە پەلی دەکرد سەرەتایی هەموو ڕۆژەکان بەوشێوەیە دەستی پێدەکردو بە لێدان کۆتایی دەهات و، قوتوی دۆشاوی تەماتەیان دانابوو لە ژوورەکە بۆ میز کردن.ئەمەش ئازاریکی تر بوو بۆ ئێمە.

زەمەن وەستابوو،نەمان دەزانی چی چاوەرێمان دەکات،بەڵام هاوارەکانی دوێنی شەو سیگنالێکی پێداین ئێمەش هەر بیرمان لە شەوی ڕابردوو دەکردەوە،دەمانزانی چارەنووسێکی ڕەش بە ڕێوەیە.بەڵام چۆنەو چییە کەس نەیدەزانی،زۆر تینومان بوو بڕیارماندا لە دەرگا بدەین و داوای ئاو بکەین،دەمێکی پێچوو دەرگا کرایەوەو ئەمنێکی ڕەشی قەڵەو دەرگاکەی کردەوە ووتی قەحپەکان چیان دەوێ ئێمەش هەریەکەو سەیری یەکترمان کرد منیش ووتم ئاومان دەوێ  تا هێزی تیا بوو زلەیەکی لێدام و ئەوجا تفێکی کرد بە بەسەرو چاوما وەستابوو بەدیارمەوە نەیدەهێشت سەرو چاوم بسرمەوە من دونیا لە پێش چاوم تاریکبوو وام زانی پەردەی گوێم دڕاوە ئەوەندەی تر هەستم بە زەلیلی مرۆڤی  کورد،ومەترسی ڕەوشەکە کرد، وتی ئەوەی دژی ئێمە بێت مافی ئاو خواردنەوەی نییەو دوایی ماوەیەك  چووە دەرەوە و ئێمەش کەوتینە بیرکردنەوە کە بانگیان کردین چی بڵێن هەرچوارمان  بریارماندا بڵێن لە بازار بووین.ئیتر من تا دوایی هەر لە سەر ئەم قسەیەم مامەوە هەرچەندە پارە لە گیرفانم نەبوو .بێگومان ئەمەش بەزمێکی تری بۆ دروست کردم. بەڵام ئەوکاتە گرنگ ئەوە بوو قسەکەت نەگۆری و خۆڕاگر بیت.

شەو داهاتەوە شەو چ شەوێکی بەترس،شەوێك کە ڕقی تیا دەباری،شەوێك کە مەرگ چاوەڕێی مرۆڤی دەکرد،شەوێك کەهیچ نرخی مرۆڤایتی تیا نامینیت،شەوێك کە هاواری مرۆڤ ئاسمانی دەهێنایە لەرزین،شەوێك کە

مرۆڤ خۆزگەی مەرگ دەخوازێت لە پڕ دەرگایی ژوورەکە کرایەوەو یەکەم کەس من بانگ کرام بۆ لێکۆڵینەوە منێکی بێئەزموون منێکی گەنج کە سەرەتا هەموو شتەکانم وەك یاری دەهاتە بەرچاو باکم لە هیچ شتێك نەبوو بیرم لە هیچ شتێکیش نەدەکردەوە . منیان بردە ژوورێك ئەمنێکی لەڕی پیس دانیشتبوو لەتەنیشتیشەوە مێزیکی تر دانرابوو،کوڕێکی خەڵکی (کۆیە) کە ناوی( جەعفەر)بوو،هێنایانە ژوورەوە.بێگومان بە مەبەست ئەم کارەیان کردبوو.مێزەکان لەیەکەوە نزیك بوون و بە ئاسانی گوێت لە قسەکانی ئەوان دەبوو منیش هەر چاوەڕێم دەکرد لە پر ئەمنەکە لە جەعفەری پرسی خەلکی کوێی وتی کۆیە

وتی ئەی چی دەکەی لە هەولێر وتی لە (معمل عەلەف) کاردەکەم.

وتی ئەوە عەلەفت زۆر خواردووە و کەر بوویت بۆیە دژی ئێمە خۆپیشاندان دەکەیت ئیتر هەر ئەوەندە بوو کەوتنە لێدانی بەلآم چۆن بە دەکەس ئەمانە هەمووی بە بەرچاوی منەوە منیش خەریك بوو شێت بم، تۆ بڵێی ئاواش لە من بدەن! بەلآم نەم دەزانی چی بکەم هەموو سەرو چاوی خوینی لی دەچۆرا. بە ڕاکیشان بردیانە دەرەوە .

. دواتر نۆرەی من هات

خەلکی کوێی؟

خەڵکی کۆیەم ئەم کۆییە بێشەرەفانە لە سەدا نەوەد نۆیان عصادن،هەموو دژی سەرۆك سەدامن

بەلآم ئێمە دەزانین چۆن ئاقڵتان دەکەین.جوانە دوو بێشەرەف خەڵکی یەك شار کە دانیشتوانەکەی هەموو بێشەرەفن .ئێوە یان کەسو کاری ئێوە خزمەکانی سەرۆك سەدامتان کوشتووە لە کۆیە، بۆیە دەبێت لێرە بمرن .

وتی باوکت لە کوێیەو چ کارەیە؟

لە ترسانا وتم باوکم دەمێکە مردووە بەگاڵتە پێکردنەوە وتی لە کەیەکەوە وتم نازانم وتی نازانی، دەستی کرد بەجنێو هەم بێشەرف هەم خائین هەم درۆزن وتی باوکی تۆ خائینە و دژی ئێمەیە منالآکانیشی لە زانکۆکانی ئێمە دەخوێنن و دژایەتی ئێمە دەکەن ئەو (کاتە خوشکێکی تریشم لە زانکۆ دەیخوێند) تۆ لێرە دەمری با باوکت بێت ڕزگارت بکات.

کێ سەرپەرشتی ئەم خۆپیشاندانەی کردووە ئێوە چەند کەسن؟

کام خۆپیشاندان من ئاگام لە هیچ نییەو نازانم من لە بازار بووم ئێوە منتان بە هەڵە هێناوەتە ئێرە .

کێ ئێوەی هانداوە؟ ئەگەر درۆ بکەیت دەتکوژین ئێمە هەموو شتێك دەزانین.

گەر ئێوە هەموو شتێك دەزانن بۆ پرسیار لە من دەکەن من هیچ نازانم ،من لە بازار بووم.

تۆ دەبێت لێرە بمریت، ئێمە لە ناوتان دەبەین ئێوە خائین و بیشەرەفن .

دوایی ماوەیەك بێدەنگی جەرەسێکی لێداو یەکێك هاتە ژوورەوە وتی بیبەن و میوانداریەکی باشی بکەن.ئیتر چاویان بەستمەوەو لە ژوورەکە بردمیانە دەرەوە بۆ کوێ نازانم تا دواتر لە ژوورەکەی خۆما لە تاو ئازار بە هۆش خۆم هاتمەوە.کچەکانی هاوڕێم بەدەورمەوە بوون من لە سەر حاڵی خۆمەوە بیرم لە وان دەکردەوە چونکە من تاڕادەیەك لەگەل ئازارو هەژاری و ناخۆشی ژیان ڕاهاتبووم بەلآم ئەوان دۆستایەتیان لەگەل ناخۆشیدا نەبوو. بەلآم

کچی ئازاو بە جەرگ وخاوەن هەڵوێست بوون خۆشبەختانە ئەوان هەرزوو دەرچوون،لە ژوورەکەدا تەنها من و کچێکی کەرکوکی مابووینەوە بە ناوی (پ)شەوێکیان ئەوەندەیان لێدابوو حەوزی شکا بوو بردبوویان بۆ نەخۆشخانەی سەربازی هەولێر ئیترمن بە تەنها لە ژوورەکە مابوومەوە ئەوانیش ماوەی 23 ڕۆژ بەم دڵ دەستە فراوانەیان میوانداریان کردم .

بەیانییەکیان دەرگایان کردەوە لەگەڵ دەرگا کردنەوە جنێو وشەق دەباری ئەوەندە بێڕەوشت بوون، لە ژوورەکە بردمیانە دەرەوە. وام زانی دیسان یان میوانداری کردنە یان لێکۆڵینەوەیە

بەلام کابرایەك وتی ئەوە ئەم جارە ئازادت دەکەین ئەگەر جارێکی تر شتێك دژی ئێمە بکەیت سەرت دەبرین منیش هیچ وەلامێکم نەبوو دواتر ووتیان دەتوانی بڕۆیت بەلاّم بۆ کویَ و چۆن من بی پێڵاو بێپارە بووم جلەکانم گشتی درابوون بەلاّم هەردەمویست ئازاد بم بڕۆمە دەرەوە بۆیە داوای پێلاّوەکانم کردەوە جوتی نەعلی پیاوانەیان پێدام بە ترسەوە پرسیارم کرد دەتوانم بڕۆم بە دەم جنیوەوە وتیان بڕۆ گەیشتمە بەردەرگا دەت ووت دەمێکە دونیام نەبینیوەچاوەرێی تەکسیم دەکرد.لە پر تەکسیەك هات و دەستم ڕاگرت و داوام لێکرد کە یارمەتیم بدا چونکە هەموو گیانم تێك شکابوو نەمدەتوانی دابنیشم،بەلاّم من لە ژیانما کەسی وا بێڕەوشتم نەبینیوە سەیرکردنەکەی ئەو لە تێهەڵدانی ئەمنەکان بۆ من ناخۆشتر بوو .هەۆچۆنی بوو تا گەراجی کۆییەی گەیاندم و شوفێرەکۆییەکان هاتن و چەند قسەیەکی باشیان پیَ ووت پارەکەیان دا پێی،ئیتر منیان بردەوەبۆ کۆیە. لە ڕێگاش دەبوایە خۆم بۆ شەرێکی تر ئامادە بکردایە، شەری خێزان، چەند ڕۆژێك لە کۆیە مامەوە و دوایی چوومەوە بۆ هەولێر.دەبوایە بچم بۆ زانکۆ و چونکە لە خوێندن زۆر دواکەوتبووم و دواتریش ئەبوایە بەشداریم لە تاقی کردنەوەکانی کۆتای ساڵ بکردایە.لە چەند تاقی کردنەوەیەکیش بەشداریم نەکردبوو، ئەگەر یارمەتی چەند مامۆستایەك نەبووایە مانەوەی ئەو سالەم مسۆگەر بوو.

بۆیەکەم جار کەچووم بۆ زانکۆ کۆمەلێك لە مامۆستاکانم کە تا ئەمرۆش سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەیان دەکەم زۆر ریزیان لێنام و یارمەتیاندام لە وانە ( د.جبار قادر مێژووی پێدەوتین لە وانەکەی خۆی زۆر یارمەتی دام،مامۆستا حەمەی مارف پێنج دینار و دیوانێکی مامۆستا گۆران داپێم، د. پەروین رەحیم دەستی جل و بەرگی تازەی بۆ کڕیم .بە داخەوە دواتر لە سەر ئەم هەڵوێستەیان بۆ زانکۆی موسل دورخرانەوە) هەندی مامۆستاشمان هەبوو کە ئەمرۆ لە ڕێزی پێشەوەی کوردایەتین نەیان دەوێرا لێمان نزیك ببنەوە.

بەهاری تەمەنی ئێمە هەر زوو زەرد هەڵگەڕا و، خەونی لاوێتی بوو بە دێوەزمەیەك

بەرۆکی بەرنەداین و لە کچێکی شۆرشگێر بووین بەکچێکی تاوانبار لە هەموو شوێنێك تەنها ئەوەت بەرگوێ دەکەوت کچ چۆن دەچێت بۆ خۆپیشاندان داخوا چیان لێکردوون، ئەو وەختە وەك ئەمرۆ سەیری مەسەلەکانم نەدەکرد و نارحەتی دەروونی بۆ دروست کردم ئەوەش بێگومان پەیوەندی بە باری سیاسی و کۆمەلاّیەتی ڕۆشنبیری خەڵکی کوردستانەوە هەیە.تا ئەمرۆشی لەگەل بێت نە ناوەندێکی سیاسی رۆشەنبیری کوردی کەس

پرسیاری لێنەکردووین،تاکە جارێك نەبێت  بەڕێز ئاکۆمحەمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا لە چاوپێکەوتنێك، لەگەل ڕۆژنامەی میدیا ئەو پرسیارەی لێکردووم .

خۆپیشاندانەکەی هەولێر لە وانەییە بۆ ئەمرۆ لە ریزی  کارەساتە لە بیر چووەکانی میلەتی کورد بیت . ئەگەر ئەم خۆپیشاندانە لە هەر ولآتێکی تر بووایە هەموو ساڵێك یادی دەکرایەوەو فلم ریپۆرتاجی لەسەر دروست دەکرا . چونکە ئەوکاتەڕژیمی سەدام لەو پەری دەسەلآت بوو کە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بەو پەریی ئازایی لە خۆبوردنەوە ڕوو بەڕووی بوونەوە پێم وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم هەڵوێستە بەرز بنرخێنن و یادێك لە شەهیدانی ئەم کارەساتە بکەینەوە، ئەوەش بە پلەی یەکەم ئەرکی خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسانی زانکۆیە.

*ئەو کچانەی لە ژوورەکە لە گەڵمابوون یادیان بەخێر بێت نەمتوانی ناوی تەواویان بنووسم بەبێ ئاگاداری خۆیان تەنها پیتی یەکەمی ناوەکانیان دەنووسم

(ق ) خەڵکی رانییە

(پ ) خەڵکی سولەیمانی

(پ ) خەڵکی کەرکوك

* شەهیدصفاء صدیق لە ساڵی 1960 لە گەرەکی ئیمام قاسم لە کەرکوك هاتۆتە ژیانەوەو ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کەرکوك تەواو کردوەو دوای بۆ خوێندن چووە بۆ بەسرەو دووساڵی لەوێ خوێندوەو دواتر هاتۆتەوە بۆ زانکۆی سولەیمانی،دواتر بۆ زانکۆی سەلاحەدین، شەهید لە دوا ساڵی خوێندنی بوو، هەزار سلآو لە گیانی پاکی .